زۆرینەی شتەکان فێربوو، وەك (پێشکەشکردنی شانۆگەری و دانانی ئاواز بە ئامێریی پیانۆ و وێنەکێشان بە زەیت و قەڵەم و تۆمارکردنی گۆرانییە میللییەکان و شێوەی خوێندنەوەی شیعرەکانی). ئەم کەشوهەوایە فاکتەر بوو، بۆئەوەی لۆرکا پەیوەندی لەگەڵ ڕووناکبیرانی هاوتەمەنی خۆی دروست بکات، لەوانە (ئۆنامۆنۆ ـ ئۆرتیگا ـ گاسێت) کە لەدەزگاکەدا ژیانیان دەگوزەراند، هەر لەو شوێنەدا پەیوەندی لەگەڵ ڕابەرانی هزری جیهانی ئەو دەمە دروستکرد، لەوانە (برکسۆن ـ فالێری ـ کلۆدێل ـ ئاراگۆن ـ جیستر تۆن ـ کینیز ـ هـ . ج . ویلز ... هتد).

لۆرکا چەند ساڵێك لەو شوێنەدا ژیاوە، بێ ئەوەی بتوانێ خوێندنی زانکۆیی تەواو بکات، دوایی جەنگی جیهانی یەکەم زۆرێك لە هاوچەرخانی لە مەدرید کەوتنە ژێر کاریگەری (فیوچەریزم و دادایزم و بزوتنەوە شۆڕشگێڕ و قوتابخانە نوێیەکانی ئەوروپا، بەڵام ئەم کاریگەرییە لەسەر لۆرکا ڕەنگدانەوەی زۆر کەمبوو، چونکە سروشتی لۆرکا مەیلی نەبووە بەلای سومبل و هێما، ئەم کاریگەر نەبوونەش بەردەوام بوو، تا ئاشنایی پەیداکرد لەگەڵ (سلفادۆر دالی) گەورە ڕابەری سوریالیزم، کە ئەمیش ماوەیەکی کەم لە بەشی ناوخۆیی ژیابوو، ئەو کات لۆرکا دەستی دایە گرنگیدان بە کارایی هەندێك لە شەپۆلە هاوچەرخەکان و توانی لە ئەزموونی شاعیرێتی خۆیدا کەلتووری ڕابردوو ئاوێتە بەو شەپۆلە هاوچەرخانە بکات، ئەم کارەش کەمجار بە ئاگایی و زۆرجار بە بێ ئاگایی لە ئەزموونی



لۆرکادا ڕوویداوە، لەم ڕووەوە (گیلۆر مۆدی تۆری) لە بارەی پەیوەندی لۆرکا بە ڕابردووەوە (گۆرانییە میللییەکان) دەڵێت: "لۆرکا گۆرانییەکانی دەوتەوە و خەونی پێوە دەبینی، پاشان بە یەك وشە دەیانیدۆزییەوە، دەیکردن بە هۆنراوە"، لەم ڕووەوە (فرانسیسکۆ)ی برای دەگێڕێتەوە: "جارێکیان لە گەشدا بووین لە سێرا نیڤادا، ڕێپیشاندەرەکەمان ئەمەی دەگوت:

**" لەگەڵ خۆمدا بردمە سەر ڕووبارەکە**

**وامدەزانی هێشتا پاکیژە**

**بەڵام ئەو مێردی کردبوو ...."**

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر، ڕۆژێکیان لە بارەی هۆنراوەی (هاوسەری خائین) گفتوگۆمان کرد و ڕووداوەکەم بۆی گێڕایەوە، بەڵام واقم وڕما، کاتێك جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەو کۆپلەیە کە لە هۆنراوەکەیدا داینابوو وەکو کۆپلەکانی تری هۆنراوەکە هی خۆیەتی، تەنانەت پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە من لەسەر هەڵەم و خۆی لەسەر ڕاستە.

هاوڕێیانی زۆرجار پەنایان دەبردە بەر فێڵ و هەڵخەڵتاندن، تاوەکو هۆنراوەیەکی لێ بسێنن و لە گۆڤارە وەرزییەکان بڵاوی بکەنەوە، ساڵی (١٩٢١) یەکەمین دیوانە شیعری بە ناونیشانی ﴿کتێبی هۆنراوەکان﴾ بڵاوکردەوە، بەڵام هیچ دەنگدانەوەی نەبوو، بێجگە لە نێو هاوڕێیەکانی، پاش شەش ساڵی تر دوایی بڵاوکردنەوەی دیوانی یەکەمی بڕیاری دا لە ساڵی (١٩٢٧) دیوانی دووەمی ﴿گۆرانییەکان﴾ بڵاوبکاتەوە.



لۆرکا هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە، کە هۆنراوەکانی بۆ جەماوەر بخوێنێتەوە، چونکە لەو بڕوایەدا بوو، هەر وەك لە ﴿روحی ئەفرێنەر﴾دا ئاماژەی پێکردووە، کە "هۆنراوە پێویستی بە ناوەندێکی گواستنەوە هەیە، واتا بە بوونەوەرێکی زیندوو"، بەم ڕێگەیە لۆرکا تاقی کاریگەری توانایی خوێندنەوەی شیعری دەکرد، بەم تاقیکرنەوەیەش لۆرکا توانی شاعیرانی تر بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

(ڕۆی کیمبڵ) لە بەراوردکردنی (لۆرکا) بە (دیلان تۆماس) ئەوەی ڕوونکردەوە، کە هەردووکیان عاشقی پێشکەشکردنی وشەی هۆنراوەکانیانن بە شێوەیەکی ئیقاعی، چونکە هەردووکیان لە ژینگەیەکەوە هاتوون، کە خاوەن کەلتوورێکی مۆزیکی و دەنگی بەناوبانگە، بۆئەوەی لە کەسایەتی ئەفرێنەر و پڕ جادووی لۆرکا بگەین، پێویستە وتەی هەندێك لە هاوچەرخانی لۆرکا بخەینەڕوو، بۆ نموونە (ڕافائیل ئەلبرتی) شاعیر وتوویەتی :"لۆرکا ئەو کاتەی قسەی دەکرد یان شیعر و دیمەنێکی شیعری دەخوێندەوە یان ئەو کاتەی پیانۆی دەژەنی و گۆرانی دەوت، بە وێنە تەزوویەکی کارەبایی ناسك و پڕ جوانی لە ناخییەوە ئەوانە هەر هەموویان هەڵدەقولان و هەموو گوێگرانی لە کەشێکی جادووی دیل دەکرد، ئەمەش وایکرد لۆرکا ڕوو بکاتە هەر کوێیەك، پیانۆیەك هەبێ تا لەسەری بژەنێ".

(پدرۆ سالیناس)ی شاعیر کە حەوت ساڵ لە لۆرکا گەورەترە، لەبارەی لۆرکاوە وتوویەتی:"لۆرکا هەمیشە کەشێکی جەژن ئاسا و



دڵخۆشانە بە سەرماندا دەبەخشییەوە، ئێمەش هەموو کات نەمانتوانی شتی تر بکەین و لەو کەشە ڕزگارمان بێت"، هۆکاری ئەم کەسایەتییە دڵڕفێنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزوومەندی لۆرکا بۆ نواندن، کە بە خۆرسك لە ناخیدا چێنرابوو تا ڕەشبینی لە خۆی دوور بخاتەوە، لەم پێناوەشدا (فێسەنتی ئەلکسەندەر)ی شاعیر کە هاوڕێیەکی نزیکی لۆرکا بووە، دەڵێت:"کاتێك مانگ چوارده دەبوو لە دەموچاوی لۆرکادا، لە درەنگانی شەو لە پڕا هەڵدەستا و لە بانێژە تەڵخەکەیەوە دەیڕوانییە بەرزاییەکانی گرناتە، ئەو کات هەستم دەکرد، کە دەستەکانی پاڵدەدەنەوە بە با و پێیەکانیشی نووقمی زەمەن دەبن، بگرە ئەو پیاوە ڕەگی ڕووی دەچێتە قوڵاییەکانی خۆڵی ئیسپانیا ".

ئەوانەی سەرەوە دەمانبەنەوە بەردەم ئەو ڕاستییەی کە ئەو دوو ڕوویەی لە کەسایەتی لۆرکادا هەیە، هەمان ئەو دوو ڕوویەیە، کە لە کەسایەتی ئیسپانیادا هەیە، واتا دڵخۆشی و دڵتەنگییەکی تەڵخ لە هەمان ساتە وەختدا.

لە ساڵی (١٩٢٠)دا یەکەمین دەقی شانۆیی لۆرکا لە مەدرید کرا بە شانۆگەری، ئەم شانۆگەرییە لە بەشی یەکەمی شانۆگەریی (رقية الفراشة المشؤومة) وەرگیرابوو، یەکەمین مهرەجانی سەرکەوتووی شانۆیی لۆرکاش لە ساڵی (١٩٢٧)دا بوو، کاتێك لە مەدریددا دەقە مێژووییەکەی (ماریانا بینیدا) کرا بە شانۆگەریی، سەیرترین مەسەلەش لەوەدا بوو، کە گەشەکردنی لۆرکا وەکو نووسەرێکی شانۆیی هاوتەریب بوو لەگەڵ